# ووتمان: ت سد ور ئمت، ئوش فرموو: سد ور الله

له عبدالله كوڕی شیخیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: دەرچووم لەگەڵ شاندێك لە بەنی عامیر بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-، ووتمان: تۆ سەیدی (گەورەی) ئێمەیت، ئەویش فەرمووی: «سەید (گەورە) الله یە». ووتمان: باشترینی ئێمەی لە چاكەدا، وگەورەترین دەسەڵاتت هەیە لەنێوماندا، فەرمووی: «وتەی ئاسایی بڵێن (واز بهێنن لە زیادەڕەوی كردن)، وبا شەیتان بەكارتان نەهێنێت».

[صەحیحە]

كۆمەڵێك هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، كاتێك گەیشتنە لای -وەسفیان كرد- وهەندێك ڕستەیان ووت كە حەزی پێنەكرد -صلی الله علیه وسلم-، ووتیان: (تۆ گەورەی -سەیدی- ئێمەیت)، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (گەورە -سەید- الله یە)؛ خاوەن مەزنێتی ودەسەڵاتی تەواوە بەسەر خوڵقێنراوەكانی وئەوانیش بەندەی اللە ن. ووتیان: (باشترینی ئێمەی لە چاكەدا)؛ وبەرزترین پلە وشەرەفمەندی وسیفەتت هەیە. و(گەورەترین دەسەڵاتت هەیە لەنێوماندا)؛ ولە هەموومان بەخشندەتر وبەرز وبڵندتری. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێنمونی كردن بۆ ئەوەی قسەیەكی ئاسایی بڵێن وزیادەڕەوی نەكەن لە قسەكانیان، وڕێگە نەدەن شەیتان بەرەو زیادەڕەوءیان ببات لە وەسفكردن وستایشدا چونكە لەوەیە ئەمە ڕێگا بێت بۆ تووشبوون بەوەی حەرامكراوە لە شیرك وهۆكارەكانی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3389

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee